# ڕەخنەی ئەدەبی لە چاخی ڕێنیسانسدا

لە ماوەی ڕووخانی ڕۆما تا چاخی ڕێنیسانس١٣٠٠،١٤٠٠ـ ١٦٠٠ زیادەیەکی ئەوتۆ نەخرایە سەر ڕەخنەی ئەدەبی، لە قۆناغی ڕێنیسانسدا واتە سەرلەنوێ ژیانەوەی هونەری و ئەدەبی ئەورووپا، ڕەخنەی ئەدەبی جارێکی دیکە گەشەیکرد و بە کۆششی نووسەرانێکی وەک دانتی و پۆکاچیۆ تێڕوانینگەلێکی تازە و شێوازگەلێکی نوێ لە ئەدەبدا دەرکەوتن.



ئەوان هەوڵیاندا تا بەرهەمگەلێکی جیاواز بە شێوازی باو بهێننەکایەوە و ئەم نوێگەرییەش بووە هۆی خستنەڕووی چەند پرسیارێک، چونکە ئەم نووسەرانە لە بری زمانی لاتینی هەوڵیاندەدا بەرهەمەکانی خۆیان بە زمانی ئاسایی خەڵکی وڵاتەکەیان بنووسن.

جارێکی دیکە چاوەکان سەرەنج لە میراتە کۆنەکان بدەن و ئەوە شتێکی سەیروسەمەرە و مایەی سەرنجە کە لەم قۆناغەدا ئاشنایەتی سەبارەت بە بەرهەمەکانی ڕابردوو بە توندی ڕووی لە کەمی کردبوو، هەروەک ئەوەی لە نامەی دانتی بۆ یەکێك لە کەسە بەرزە هاوچەرخەکانی، کە لە ڕاستیدا بە پێشەکییەک بۆ کۆمێدیای یەزدانی هەژمار دەکرێت نیشاندەری ئاشناییەتی زۆر کەمی ئەوە دەربارەی ئەدەبی کلاسیک.



لەدوای ڕووخانی قوستەنتینیە ١٤٥٣ زۆرێک لە لێکۆڵەر و بیرمەندانی یۆنانی بۆ ئیتاڵیا هەڵاتن و نوسخەگەلێکی بە دەست نووسراوی زۆریان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەو وڵاتە برد، ئەم ڕووداوە تامەزرۆیی بەرامبەر بەرهەمە کلاسیکییەکان زیاتر کرد و زانیارییەکی زیاتری بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕابردوو بە تایبەت لە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون بەوان بەخشی، شایەنی وتنە تا پێش ئەم ڕۆژگارە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون بەشێوەیەکی دیاریکراو و ناتەواو ناسرا بوون.

وەرگێڕانی هونەری شیعر ـی ئەرستۆ بە تایبەت وەرگێڕانە پاکتاوکراو و مشت و ماڵ کراوەکەی بە زمانی لاتینی لە تەک دەقە ئەسڵییەکەی لە ساڵ ١٤٥٨ ی زایینی و دواتر وەرگێڕانی ئیتاڵیی ئەو کتێبە لە ساڵی ١٥٤٩ گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە مێژووی ڕەخنەی ئیتاڵیا و سەردەمی ڕێنی سانسدا هێنایەکایەوە، ئەگەرچی دوابەدوای ئەم ڕۆژگارە لە بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی ئەرستۆ لە هونەری شیعردا چەند بابەتێک خرانەڕوو، بەڵام وەرگێڕانی ئەو بەرهەمە بووە مایەی چەند شیکردنەوە و ڕاڤەکردنێکی زۆر لەسەر کتێبەکە.




قسەکانی ئەرستۆ لە باڵایی شیعر بەسەر مێژوو و پاکبوونەوە کاتۆسیس و یەکێتی کات لە تراژیدیا، باس و خواسگەلێکی زۆری هێنایە پێشەوە و خۆی لە خۆیدا بووە

یەکێک لەو بەرهەمە گرنگانە لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا واتە لە ساڵی ١٧١١ دا بڵاوکرایەوە کتێبی بەرهەم پۆپی شاعیر و ڕەخنەگری ناوداری ئینگلیزی ١٦٨٨ -١٧٤٤ بوو. ئەو لەو باوەڕە دابوو کە شاعیر و ڕەخنەگر پێوی ستە خوێندنەوەیەکی بەردەوامی ئەدەبی کۆنیان هەبێت، چونکە ئەوە پێشینان بوون، داهێنانیان ئەنجام دابوو.



هە ر لە و سە ردەمەدا، واتە لە سەدەی هەژدەیەمدا ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەڵمانیا لە گەشەکردنی خۆیدا قەرزارباری لیسینگ نووسەر و ڕەخنەگری ناوداری ئەڵمانییە. گرنگیی بەرهەمە بەناوبانگەکەی لیسینگ، کە بەناونیشانی لاوکۆن بەهۆی ئەو بەڵگەکارییە ورد و ڕوونانەوەیە، کە لە بابەتەکانی ڕەخنە ئەو جوانیناسیدا بە دە ستیهێناوە




له ڕەخنەی ئەدەبی سەدەی هەژدەیەمدا هەروەکو ئەوەی کە پێشووتر ئاماژە پێکرا، وێڕای ئەو دیدگا تازانەی کە لە لایەن ڕەخنەگرانی ئینگلیزی و فڕەن سییەوە خرانەڕوو کاریگەری ڕێبازی کلاسیزم و بۆچوونەکانی ئەرستۆ هێشتا لە بەرهەمی ڕەخنەگرانی دیاری ئەم چەرخەدا بە ئاشکرا دیاربوو.

